

# هونەرمەندی پەیکەرساز بەختیار هەڵەبجەیی:-

# لە بری ئەوەی منداڵەکانمان ناو بنێین (نالی) کەچی پەیکەری (نالی) دەشکێنین

**بەختیار هەڵەبجەیی یەکێکە لەو هونەرمەندە پەیکەرسازانەی کورد ماوەیەکە سەرقاڵی پەیکەرسازییە، لە کوردستاندا چەندین کاری ئەنجام داوە کە دیارترینیان پەیکەری نالی شاعیرە، لە ئێران پەیکەری (فیردەوسی و ئەبو عەلی سینا)ی دروست کردووە، ساڵانێکە لە سویسرا دەژییێت و لەوێ لەگەڵ گروپێکدا بەناوی (ئارت ئەجنسی) چەندین کاری هونەری ئەنجام داوە، لە سەردانەوەی ئەمجارەی بۆ کوردستان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازدا.**

**دیمانە: نامق هەورامی**

*** سەرەتای کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە، چۆن بوو ڕێت لە کاری پەیکەرسازی کەوت؟**

– سەرەتا لە چالاکی قوتابخانەکان دەستم پێکرد و هەستم دەکرد من جیاوازم لەگەڵ هاوپۆلەکانم لە رووی هونەرییەوە دواتر بەکاری وێنەکێشان خەریک بووم، بەڵام هەستم دەکرد من زیاتر لە پەیکەرسازیدا خۆم دەدۆزمەوە بۆیە رووم لە کاری پەیکەرسازی کرد و چەندین پەیکەر و دیواربەندم لە کوردستان ئەنجام داوە گرنگترینیان پەیکەری نالی شاعیر و ئەکرەم حەمە عەلی قائمقامی هەڵەبجەی شەهید.

ساڵی ١٩٩٥ چومە تاران لەگەڵ (بەرزان زاهیر)ی هونەرمەند و هاوڕێمدا لەوێش چەند کارێکمان ئەنجامدا لەوانەش پەیکەری فیردەوسی و ئەبو عەلی سینا و چەندین کاری تر هەروەها لە تورکیاش چەندین کاری هونەریم کردووە.

*** ئەو کارانەی لە سویسرا ئەنجامتان داون دەکرێت باسیان بکەیت؟**

– وێڕای سەختی ژیانی ئەوروپا بۆ ئێمەی رۆژهەڵاتی، بەڵام وەک هونەرمەندێک هەر بەردەوام بووم لەو ماوەیەدا لە پێنج پێشانگای هاوبەشی گروپی (ئارت ئەجنسی) بەشداریم کردووە وێڕای پێشانگایەکی پۆستەری تایبەت بۆ یادی هەڵەبجەی شەهید، رەنگە لێرەدا ئەو دەرفەتە نەبێت باسی تەواوی کارەکانم بکەم، بەڵام خوێنەران دەتوانن سەردانی ماڵپەرەکەم بکەن بەم ناونیشانە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کارەکانم.www.Bakhtiar.ch

*** لەو گروپەدا وەک هونەرمەندێکی کورد بەشداریت کرد؟**

–بەڵێ من لەو گروپەدا وەک هونەرمەندێکی کورد بەشداریم کردووە و هەموو جارێک یان کارەکانم بە مۆرکی کوردی نەخشاندووە یان خۆم بە بەرگی کوردییەوە لەگەڵ کارەکانمدا لە پێشانگاکاندا بووم.



*** یۆنان یەکێکە لەو وڵاتانەی بایەخ بە پەیکەر دەدەن ئەم دیاردەیە بۆچی لای ئێمە نەبوەتە مۆدیل؟**

– ئەمە پەیوەستە بە کاریگەری کەلتور و ئاین بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە لە ئاینی مەسیحیدا پەیکەر پیرۆزە کەچی لە کەلتوری ئیسلامدا حەرامە رەنگە ئەمە هۆکاری هەرە سەرەکی بێت.

*** ئێوە یەکەم پەیکەرسازی کورد بوون پەیکەری نالی مەزنتان دروست کرد دواتر پەیکەرەکە شکێنرا، ئەگەر لەو بارەیەوە هەندێک بدوێن؟**

– نالی فەزڵی زۆری بەسەر ئەدەبی کوردییەوە هەیە بۆیە بیرم لە دروستکردنی پەیکەری ئەو مەزنە مرۆڤە کردەوە و لە شارەزور پەیکەرەکەم دانا، بەڵام ئەوانەی چاویان بە شارستانییەت هەڵنایە پەیکەرەکەیان شێواند، ئەمەش ئازارێکی زۆری منیدا بۆیە ئەم وڵاتەم بەجێهێشت، لە وڵاتێکدا لەبری ئەوەی خەڵکی ناوی منالەکانیان بنێن (نالی) کەچی پەیکەری نالی دەشکێنرێت.



پەیکەری نالی بەشێوێندراوی

*** لە گەڕانەوەتان چ پرۆژەیەکتان پیە؟**

–زۆر کەس لە ئەوروپا دێنەوە بۆ کوردستان بۆ سەیران و گەشتوگوزار من لە گەڕانەوەمدا بەم گەرمای هاوینە خەریکی قوڕکاری و دروستکردنی پەیکەری (گاڕەش) بووم و تەواوم کرد کە دوو هێندی گایەکی ئاساییە و لە سلێمانی وەزیری رۆشنبیری رەزامەندی نیشاندا بۆ دانانی پەیکەرەکە، بەڵام کە چوومە شارەوانی بۆ دیاری کردنی جێگایەک بۆ دانانی پەیکەرەکە لە وەڵامدا شارەوانی گوتی (گا) هیچ پەیوەندییەک بەشاری سلێمانییەوە نییە، لە کاتێکدا گاهێمایە بۆ زەحمەتکێش و وزە و ئارامی ئەمە وێڕای سودە زۆرەکەی لە رووی بەروبوومە، لێرەدا من دەپرسم بۆچی ئەو گایە لە سلێمانی جێگای نابێتەوە خۆ ئەوە خەڵکی کەرکوک نییە و لەبەر زۆربوونی رێژەی کورد بینێرنەوە بۆ کەرکوک و نەیەڵن لە سلێمانی بێت!!

*** ئەگەر بە کامی دڵ رەهایت بدرێتێ بۆ دروستکردنی پەیکەرێک یان کارێکی هونەری چی هەڵدەبژێریت و لە کوێ؟**

– وەک پرۆژە لەبەرنامەمدایە ئەگەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێت و کار ئاسانیم بۆ بکرێت یەکێک لە چیاکانی کوردستان دادەتاشم و دەیکەمە مۆزەخانە.

*** هەریەک لەم ناوانە بە کورتی**

*** دارا حەمە سەعی**

– ماندوونەناسانە کار بۆ هونەری پەیکەرسازی دەکات، زۆر شتی گەورەی لەباردایە، بەڵام وەک پێویست کار ئاسانی بۆ نەکراوە.

*** سەربەست عومەرکەریم**

– هونەرمەندێکە زۆر بە سەلیقەوە مامەڵە لەگەڵ فیگەرەکاندا دەکات و ئەکادیمیانە دەڕوانێتە دەوروبەر و کارەکانی.

*** کۆسار ئەحمەد غوڵام**

– بە کۆچی ناوادەی ئەو هونەرمەندە، بزوتنەوەی هونەری پەیکەرسازی کوردی زیانێکی گەورەی لێکەوت و شکاندنی پەیکەرەکانی هێندەی مردنەکەی جەرگ بڕ بوو.

*** ئەگەر شتێکی تر مابێت باسی بکەیت.**

– بۆ ئەم دیدارە کورتە ئەوەندە بەسە، سوپاس.